چیرۆکی خەزانی نەمری چاوەکانی

چی رەنگی چاوەکانی وا زەرد کردووی؟

مەگەر نازانی کە پایز دەڕوا و.. دەمرێ

مەرگی مەزنی خۆی بە من دەسپێرێ..!

رۆحی ملیۆنەها گوڵا و گەڵا..

وەك خوێن لە دڵما .. دەگەڕێ

بۆ شین و پرسەی درەختی دونیا ..

چاوانم دەبنە ئاسمانی هەورباری پایز ئاسا ..

تا دێ .. بە خوڕتر دادەکا..!

دڵەی وێڵیشم.. لە ترسی مەرگی خەزان..

وەك بێچوە پشیلەی برسی.. تیژ و تیژتر..

بەسەر دار و بەرد و دڕکدا رادەکا ..!

- ئەم رەشەبایە بۆ ناسرەوێ..؟

چی لێم دەوێ..؟

زریکەی چ خەمێکی ساوایە و شەو ناخەوێ

تەرمی بێنازی گەڵا و گوڵی رۆژانی عومرم

بۆ چ گێژەنێ رادەپێچێ

بۆ واز لە بەژنی وشکی درەختی عیشقم ناهێنێ؟

بۆ لقەکانی .. وەك لوولەی ئێسقانەکانم تێك دەشکێنێ؟

لوورەی چ هەواڵێکی تاڵا رادەگەیەنێ..

هەر دەگرێی و ... دەمگرێنێ..!

+ مەگەر نازانی..

ڕەشەبای هاوار و نالەی سەرەمەرگی پایزە..

دەکڕووزێتەوە و .. لە من و تۆ ..

لە هەردوومان زویر و زیزە..

بە دەم کزە و نسکۆی قورسی ماڵئاوایی ..

نرکەی پڕ لە ئازاری کۆتایی .. دەناورێتەوە

کەچی کەسێ گوێی لێ ناگرێ ..

بۆیە ئەوەندە ژان لە دڵا دەگرێ

هاتنی هەزاران بەهاری چاو سەوز .. نایخەنە دڵنەوایی ..

ئەی تۆ نازانی.. جودایی مەرگە..

مەرگە .. جودایی ..!

- مەرگەساتی پایزە..

وەنەوزی پڕ گەوزگەوزێنەی سروشتی ئازیزە..

دە وەرە.. بەقەد دڵۆپە بارانی ئەم وەرزە

ڕەنگاوڕەنگ و سەدان تەرزە

بە کوڵا بگرین.. فرمێسکی خوێنین هەڵڕێژین

بەقەد مەزنی مردنەکەی..

شیعرێکی نەمر و جاویدانی ببێژین..

لەبری پەژموردەیی هەر گوڵێ..

یان سەمای مەرگی هەر گەڵایە..

با بە جووتە .. تاڵاوی ئەم قەهرە بچێژین ..

با لەجێی هەر لقێکی وشك و شكاو ..

هەر گوڵێکی سیس و بێ ئاو..

درەختی شیعرێ بڕوێنین..!

+ مەگری ئازیز.. ئیتر پایز..

كە هەر ساڵێ دێت و ... لێرە دەمرێ

مەرگی خۆی بە من .. بە چاوەكانم دەسپێرێ..!

بۆیە ئاوا زەردن.. پڕ لە ژان و ..

خەم و ..رەشەبا و .. گەرد و دەردن!

دە وەرە ئەی شێتی خەزان..

هۆ شاعیری ماچ و رەشەبا و .. نان و باران ..

تا ساڵێكیتر كە پایز دێتەوە..

تۆ چیرۆكی گەڵا و گوڵە وەریوەكانی.. لە چاوانما بخوێنەوە

لەبری مەرگی هەر پەپوولەیەك..

سەد پەپوولەی سووكە رازم.. هەڵفڕێنە

ئیتر مەگری و ... مەمگرێنە!

سلێمانی – 1982/6/14